# ڕۆڵی هونەرەکانی جوانکاری لە بنیادی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعریدا شیعرەکانی ( نالی ) بە نمونە

# The Role of Rhetorical Devices in Constructing the Internal Music of Poetry, The Poetry of Nali as a Model

**بێستون یوسف سعید**

**زانکۆی کەرکوک/ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

yousifbeston@gmail.com

**أ.م.د.عزالدين صابر محمد**

**Azzaldin Sabir Mohammed**

**زانکۆی کەرکوک/ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

azadinsabir@uokirkuk.edu.iq

**پوختە**

ئاوازی شیعری یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی شیعر ، بەڵکوو هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربازبوونی شیعر لە ووشکی گووتن و جیاکردنەوەی لە گووتنی ئاسایی، لە هەمان کاتدا بەشێکی گرنگ لە ئیستاتیکای دەق پێکدەهێنێت و بەو هۆیەشەوە هەمیشە بە بەر سێرەی بیر و هۆشی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری شیعر کەوتووە و دەکەوێت، شاعیران بە شێوەیەکی گشتی درکیان بە گرنگی و بایەخی ئاواز کردووە، هەر بۆیە هەوڵیان داوە پراکتیزەی ئەو بنەما و ڕێچکانە بکەن کە ئاواز پێکدێنێت لە هۆنینەوەی شیعرەکانیان چ لە ئاستی دەرەوەی دەق کە کێش و سەروا دەگرێتەوە و بەشی ڕوخساری دەقی شیعری پێکدێنێت، چ لە ئاستی ناوەوەی دەق کە بەشی هەستپێکراوی ناوەوەی دەقی شیعری دەگرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ و کەرتکردن و هەمئاوازکردنی کۆپلە و کەرتەکان لە ناوەوەی دەقی شیعریدا، لە هەمان کاتدا پەیرەوکردنی بەشێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە لایەن شاعیرانەوە هۆکار و ڕێگایەکی گرنگ بووە لە پڕئاوازکردنی دەقە شیعرییەکانیان لە ئاستی ناوەوە، کە ئەو هونەرانەش زیاتر دەکەونە سنووری هونەرەکانی جوانکارییەوە چ جوانکاری واتایی بێت یان جوانکاری وشەیی، نالی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هونەرەکانی جوانکاری بە شێوەیەکی فراوان لە شیعرەکانی بەدی دەکرێت، هەر ئەمەشە وای کردووە کە شیعرەکانی خۆش و ڕەوان و پاراو بێت و ئاوازی ناوەوە تیایدا بە شێوەیەکی بەرچاو و ڕوون و ئاشکرا دەربکەوێت، لەم توێژینەوەیەماندا بە ناونیشانی (ڕۆڵی هونەرەکانی جوانکاری لە بنیادی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعریدا . شیعرەکانی ( نالی ) بە نمونە) هەوڵمانداوە ئەو هونەرانە بخەینەڕوو لە سنووری جوانکاریدا کە بوونە بە هۆکاری دروستکردنی ئاوازی ناوەوە لە شیعرەکانیدا.

### ـ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمان بەو ناونیشانە زیاتر مەبەستمان تیایدا دەرخستنی ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەیە کە لە نێوان هونەرەکانی جوانکاری و بینای ئاوازەیی دا هەیە بە تایبەت لە ئاستی ناوەوەی دەق لە لای ئەم شاعیرە و شیکردنەوەی چۆنێتی ڕێککەوتەی ئەو سیستەمە ئاوازەییەیە کە بە هۆی ئەو هونەرانەوە بەدی هاتووە.

### ـ ڕێبازی توێژینەوەکە

بۆ بەجێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری)یمان گرتووەتەبەر و هەوڵمانداوە لە ڕێگای ئەم ڕێبازەوە چەند نمونەیەک بژاردە بکەین و چۆنێتی پێکهاتنی ئەو نمونانە بخەینە بەرباس و شیکردنەوەی ڕاست و دروستیان بۆ بکەین بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستی باسەکەمان.

### ـ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

جگە لە پوختەی باس و پێشەکی و لیستی سەرچاوەکان توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بەسەر دوو بەشدا، بەشی یەکەممان تەرخان کردووە بۆ لایەنی تیۆری سەبارەت بە ئاوازی شیعری و چەمک و پێناسەی ئاواز و گرنگی و چۆنێتی دروستبوونی ئاواز لە خۆدەگرێت، هەرچی بەشی دووەمیشە تایبەتمان کردووە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لە شیعرەکانی نالیدا و لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم تایبەتە بە کورتەیەک لەسەر ڕەوانبێژی و گرنگی هونەرەکانی ئەو زانستە لە لای شاعیران بە تایبەت لە لای نالی شاعیر و پاری دووەم تایبەتە بە خستنەڕووی نمونەی ئەو هونەرە جوانکارییانەی کە ڕاستەوخۆ هۆکارن بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بە چەند خاڵێک خستووەتەڕوو.

کلیلە ووشە/ ئاوازی شیعری ، ئاوازی ناوەوەی شیعر ، ڕەوانبێژی ، جوانکاری واتایی ، جوانکاری ووشەیی ، نالی شاعیر.

## بەشی یەکەم
## ئاوازی شیعری

### ١ ـ ١ چەمک و پێناسەی ئاواز

بەشێک لە لایەنەکانی جوانی شیعر ئاوازی شیعرییە، ئەم ڕەگەزە بەشدارییەکی کارای هەیە لە بە ئیستاتیک کردنی دەقی شیعری و (ڕۆڵ و ئامادەبوونی لە نێو دەماری وشەکانی شیعردا کەم نییە و بە ڕەگەزێکی سەرەکی کاری شیعر دێتە ئەژمارکردن، کە گڕوتینێکی زۆر بە دێڕەکانی شیعر دەدات و باندۆری خۆی لەسەر ئەندێشە و خەیاڵی خوێنەر (وەرگر) جێدەهێڵێت) (مستەفا ـــ

محمـــد، ٢٠٢١ز، ل٣٧٧) ، هەر بـــۆیە دەبینین ئەم ڕەگەزە هەمیشە جێگەی سەرنج و تێبینی زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکـۆڵەرانی شـــیعر و شیعرناســـان بـووە، بەڵکـوو هەمیشـە گۆشـەیەکیان لە لێکـــۆڵینەوە و بیروبۆچوونەکانیـــان تەرخان کردووە بۆ باس کردن و ووتـوویژ لەسەر ئەم ڕەگەزەی شیعر.

وەک پێناسـەیەک زۆرێک لە لێکـۆڵەرانی بواری شیعر و ئەکادیمیسـتەکانی ئەم بـواره پێناســەیان بـۆ ئـاواز کـردووە و لەســەری دوواون، د.هـدی الصـحناوی پێی وایە کە (ئـاواز خـزان و لادانێکە لە گووتـــار کە لە ئاســـتی پەخشـــانەوە دەیگـوێزێتەوە بـۆ شــیعر، ئەو لادانەش پەیوەســـتە بە چــۆنێتی ڕێکخســـتن لە نێوان دەنگەکـان) (الصحناوی ، ٢٠١٤م ، ٩٢).

بە بۆچـــــوونی د.هـــــدی چـــــۆنێتی ڕێکخســـتنی دەنگەکـــان هۆکـــارێکی گــرنگە بــۆ پێکهێنــانی ئــاواز، هەر ئەم ڕێکخستنەشـــە کە شـــیعر لە ووتنـــی ئاسایی و پەخشان جیا دەکاتەوە، هەر لە بارەی ئـاوازی شـیعرییەوە خەمـیس وەرتـائی دەڵێـت: (ئـاواز دروسـتکردنی دەنگێکـی ڕێکخـراوە، لەگەڵ بیســـتندا دەســـازێ و دەروون پێـــی ئاســـوودە دەبێت) (علوان، ٢٠٠٨م ، ١٣).

ئەگەر ســــــەرنج بـــــــدەینە ئەم پێناسـەیەی خەمیس وەرتائی دەبینـین بە جـــۆرێکی تـــر جـــێکەوتەی ئـــاواز دیاریـدەکات و پەیوەســـتی دەکـات بە دەروونەوە و لە ڕێـــــگەی هەســـــتی بیســـتنەوە ئەو پەیوەســـتبوونە جـــێ دەبـێ، کە دواجـار دەبێـتە هـۆی چێـژ بەخشــــــین بە وەرگـــــــری دەقە شیعرییەکە، هەروەها جان کـۆهن بەم جۆرە پێناسـەی ئـاواز دەکـات و دەڵێـت: (ئـاواز خـوولێکی کـاتی تێبینیکـراوە بـۆ دەنگەکان) (صکر، ١٩٩٠م، ٦٠).

دەبینـین جـان کـۆهنش ئامـاژە بە لە قالـــب گرتنـــی دەنگەکـــان دەکـــات لە پێناســـــەی ئـــــاوازدا بەڵام جیـــــا لە پێناسـەکانی تـر ئەمیـان جێکەوتەکـانی ئــــــــاوازی فەرامۆشــــــــــکردووە لە پێناســـەکەیدا، لێـــرەدا جێـــی ئامـــاژە بۆکردنە کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو پێناســـانە ئەوەیە کە ڕێکخســـتن و لە چوارچێـوەگرتنی دەنگەکـان هۆکـاری سـەرەکی درووسـتبوونی ئـاوازن، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ ئاماژە بەو خـاڵە دەکەن لە پێناسـەکانیاندا.

## ١ ـ ٢ گرنگـــی و تایبەتمەنـــدی ئاوازی شیعری

### ١ ـ پەیوەندیکردن بە دەروونەوە

یەکێک لە تایبەتمەنـدییەکانی ئـاوازی شیعری بریتییە لە دروسـتکردنی پـردی پەیوەنـدی لە نێـوان دەقـی شــیعری و دەروونی وەرگر، بە واتایەکی تر ئـاوازی شیعری هۆکارێکە بـۆ پەیوەنـدیکردن بە دەروونـــی وەرگـــرەوە، ئەڵـــبەت ئەم پەیوەنـدیکردنەش لە ڕێـگەی هەسـتی بیســـتنەوە ســـاز دەبێـــت، د.ســـلیمان جبـــران لە بـــارەی گرنگـــی ئـــاوازی شیعرییەوە دواوە و دەڵێت (شیعر چەند لایەنێکی جوانی تێدایە، خێراترینیان بـۆ پەیوەنـدی کـردن بە دەروونەوە بـوونی زەنگی دەنگەکانە لە دووبارە بـوونەوەی پارچەکـــان و بەدوایەکهـــاتنی پرێکـــی دیـــاریکراو لەو دەنگـــانە کە ئـــاوازی شیعری پێکدێنن) (جبران، ٢٠١٣ز ،١).

بەلای د.جبـرانەوە ئـاوازی شــیعری هۆکـارێکی گـرنگە بـۆ پەیوەنـدیکردن بە دەروونـی وەرگـری دەقـی شـیعرییەوە، ئەم پەیوەنـــدیکردنەش لە ڕێـــــگەی

دووبارەکردنەوە و ڕیزکردن و بەپرکردنی دەنگەکانەوە ساز دەبێت، کە دواجار ئەم ڕێکخستنە دەنگیە کاریگەری بەسەر دەروونی وەرگرەوە جێ دەهێڵێت.

## ٢ ـ پێکهێنانی لایەنی ئستاتیکی

دەقی شیعری چەند لایەنێکی ئیستاتیکی لەخۆ دەگرێت، یەک لەو لایەنانە ئاوازی شیعرییە، هەر لەم بارەیەوە ئاسۆ عومەر موستەفا پێی وایە کە (موسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر)(موستەفا،٢٠٠٧ز ، ٧٧)، ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم بۆچوونەی د.ئاسۆ دەبینین بەلای ئەوەوە ئاوازی شیعری نەک تەنها پێکهێنەری لایەنی ئستاتیکی بێت لە شیعردا بەڵکوو بەلای ئەوەوە یەکێکە لە پێکهێنەرە بنەڕەتییەکانی خوودی شیعر،

ئەم لایەنە ئیستاتیکییەش دەشێت لە ڕێگەی پەیرەوکردنی کێش و سەرواوە دروست ببێت کە ئەمانیش روخساری شیعری پێکدێنن و بەشی بەرچاوی ئاوازی شیعرییە (ئاوازی دەرەوە)، یاخوود دەشێت ئەم لایەنە ئیستاتیکییە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ و پەیرەوکردنی هونەرە جوانکارییە ووشەییەکانەوە دروست ببێت کە ئەمانیش بەشی هەست پێکراوی ئاوازی شیعری پێکدێنێت لە دیوی ناوەوەی دەقی شیعریدا (ئاوازی ناوەوە) .

## ٣ ـ بەردەوامی

گرنگییەکی تری ئاوازی شیعری ئەوەیە کە تایبەتمەندی بەردەوامی بە دەقی شیعری دەبەخشێت، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو جۆر بەردەوامی بدەین لە دەقی شیعریدا کە بە هۆی ئاوازەوە جێ دەبێت، ئەوانیش:

### یەکەم ــ بەردەوامی هەنووکەیی

ئەم جۆرە لە بەردەوامی لە ناو خوودی دەقی شیعرییەوە هەستی پێ دەکرێت بە جۆرێک کە وشە و دەستەواژە و ئاماژەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، سەنگەر قووباد لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئاوازی دەلالەت کە ڕیتمی بەردەوام لە خۆدەگرێت واتا تێکەڵکێشی جووڵە دەلالەتییەکان لەگەڵ یەکتردا، کە ئەمەش پاڵنەرە بۆ ئەوەی ڕیتمێک درووست ببێت تا تایبەتمەندی جیاواز هەڵگرێ و بۆ لەدایکبوونی جوڵەی نوێش بە سوودە) (قوباد، ٢٠١٢ز، ١٠٧)

لێرەدا جێی ئاماژە بۆکردنە کە بەستنەوەی وشەکان بە یەکدییەوە لە ڕێگەی سیستەمێکی ئاوازەیی ڕێکخراوەوە کە شاعیر پێی هەستاوە، ووتنەوەی دەقی شیعری خۆش و ڕەوان دەکات لەسەر زار و پڕ چێژی دەکات لە کاتی بیستندا، بەو هۆیەشەوە بێژەری شیعر و بیسەری شیعر دووچاری بێزاری و وەڕەس بوون نابنەوە لە کاتی ئەو ئاڵ و وێرە زمانییە، هەر بە هۆی ئەو سیستەمە ئاوازەییەوە ووشەی سەرەتای شیعر یان دێڕە شیعر بە کۆتا ووشە دەبەسترێتەوە و ووتن لەم بارەدا لە یەکەم ووشەوە دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا کۆتا ووشە.

### دووەم ـ بەردەوامی هەمیشەیی

جۆرێکی تر لە بەردەوامی کە ئاوازی شیعری دەیبەخشێت بە دەقی

شـــیعری تایبەتمەنـــدی هەمیشـــەیی بـــوون و نەمـــرییە، ئـــاوازی شـــیعری وادەکـــات دەقـــی شـــیعری لە ئاینـــدەدا سەنگین بێت لە مەیدانی ئەدەبدا و بە ئاســـانی جـــێلەق نەبێـــت، بەڵکـــوو هەمیشـــە بە زینـــدوویی دەیهێڵێـــتەوە، لێکۆڵەرانی بواری شیعر و شیعر ناسان زۆرجـــاران زینـــدوویی شـــیعر بە بـــوونی ئاوازەوە دەبەســـتنەوە، لەم بـــارەیەوە د. عزالدین سابیر پیی وایە کە (شـــیعر بە بـــێ مۆســـیقا وەکـــوو لاشـــەیەکی بـــێ گیان وایە)(بیبانی، ٢٠١٥ز، ٥١).

ئەم بەســـتنەوەی زینـــدوێتی دەقە بە ئـــــاوازەوە پەیوەســـــتە بە چێـــــژ و چێژبینینەوە لە خوێندنەوە و گوێگرتن بۆ بیتســـتنی دەقێکـــی شـــیعری، چـــونکە (هەر شـــیعرێک کە خـــاڵی دەبێـــت لە ڕیتم و مۆسیقا ئەوا لە ئەنجامدا وەکـوو دەقێکی نووسراوی بێگیـان دەمێنێـتەوە و ئاوی خۆشـــی لە گـــۆزەی وشـــەکانی وشـــک دەبێـــت و چێـــژی لـــێ ناچۆرێـــت) (مستەفا ـ محمد، ٢٠٢١ز، ل٣٧٧).

بە شێوەیەکی گشتی بە نەمانی ئاواز لە دەقی شیعریدا بەشـێکی گرنـگ لە هۆکـاری پەیوەنـدیکردن بە دەروونەوە و پرســـــی چێـــــژ لە نـــــاو دەچێـــــت، بەو هۆیەشـــــەوە ئەو دەقە شـــــعرییە هەر زووبەزوو فەرامـــــۆش دەکرێـــــت و لە مەیـــــدانی ئەدەبـــــدا تایبەتمەنـــــدی بەردەوامی لەدەست دەدات لە دووبارە بەســـــەرکردنەوەو پێـــــداچوونەوەی لە لایەن خوێنەری شیعرەوە.

## ٤ ـ جیاکردنەوە

گرنگییەکـــی تـــری ئـــاوازی شـــیعری ئەوەیە کە ئـــــاواز هۆکـــــارێکە بـــــۆ جیـــاکردنەوەی شـــیعر لە ژانەرەکـــانی تـــری ئەدەب چـــونکە (ئـــاواز خـــزان و لادانـــێکە لە گووتـــار کە لە ئاســـتی پەخشـــانەوە دەیگـــوێزێتەوە بـــۆ شـــیعر) (الصـــــــــحناوی ، ٢٠١٤م ، ٩٢)، بە واتـــایەکی تـــر گێـــڕانەوەی هەمـــان مەبەســـت لە دەقێکـــی شـــیعری و دەقێکـــی تـــر لە هەر ژانەرێکـــی تـــری ئەدەبـــی بە هـــۆی ئـــاوازی شـــیعرییەوە لێـــک جیـــا دەکـــرێنەوە، لە شـــیعردا گێـــــڕانەوە پێویســـــتە هەڵگـــــری سیســـتەمێکی ئـــاوازەیی بێـــت کە بە ســـازاندنی نێـــوان ووشـــە و دەنگەکـــان شاعیر بەجێـی گەیانـدووە، ئەمەش لە ڕێگەی بژاردەکردنی ووشە هەمواتاکان و لادانە زمانی و نازمانییەکانەوە دەبێت بە تایبەت لە ئاسـتی دەنگـدا، بەڵام لە ژانەرەکانی تری ئەدەب زیاتر گرنگی بە گەیانـــدنی مەبەســـت دەدرێـــت لە گێڕانەوەدا.

## ١ ـ ٣ ئاستەکانی ئاوازی شیعری

بە شـــێوەیەکی گشـــتی لێکـــۆڵەران و ڕەخنەگرانـــی بـــواری شـــیعری کـــوردی ئاســـتەکانی ئـــاوازی شـــیعرییان دابەش کـــردووە بەســـەر دوو ئاســـتدا، ئەو دوو ئاستەش پێکهاتووە لە ئـاوازی دەرەوە و ئاوازی ناوەوە،

### ١ ـ ئاوازی دەرەوە

ئەم ئاســـتەی ئـــاواز لایەنـــی کـــێش و سەروا دەگرێتەوە و ڕوخساری شیعری پێ دەناســـرێتەوە، لە ســـنووری دەقـــی شیعریدا باڵ و دێڕ و کۆپلەکـان پـێکەوە دەبەســـــتێتەوە و چـــــوونیەک و نـــــزیکە چوونیەکیـــــــــان دەکـــــــــات لە ڕووی دەربـڕینەوە، جـێکەوتەی ئەم ئاســتەی ئاواز لەســـەر گـــوێگر و خـــوێنەری شـــیعر بە جـــــۆرێکە کە هەســـــت بە بـــــوونی پەیوەنـــــدی دەکـــــات لە نێـــــوان دێـــــڕە شیعرەکاندا،

هەرچـــی (کێشـــی شیعری)شـــە پـایەیەکی گرنـگ لە بنیـادی دەقـی شیعری پێکدێنێت بە تایبەتی شـیعری کـۆن، ئەم بەشـەی ئـاوازی دەرەوەی شــیعر لە ڕێــگەی چەنـد شـەپۆلێکی چـــــوون یەک لە بــــڕ و چەنـــــدێتی دەنگەکـــانەوە پێکـــدێت ئەگەرچـــی دەنگەکـانیش جیـاوازبن لە یەکتـر، هەر لەم ڕێگەیەوە نێوە دێڕ و دێڕەکـانی پـێ هاوتـــا و یەکســـان دەکرێـــت لە ڕووی ئاوازەوە.

سـەبارەت بە (سـەرواى شـيعری)ش تەواوکەری ئــاوازی دەرەوەی شـــیعرە، ئەم بەشـــەیان پێکـــدێت لە ڕێـــگەی دووبـارەکردنەوەی دەنگێـک یـان چەنـد دەنگێـــک لە کۆتـــایی بـــاڵ و دێـــڕە شـیعرەکانەوە و دووبـارە دەکـرێنەوە لە سنووری ووشەی جیاوازدا و سنوور بـۆ دێـــڕە شـــیعرەکان دیـــاری دەکـــات بە جۆرێک کە دێڕەکـان دوو دوو یـان سـێ سـێ یـــان چـــوار ... هتـــد بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە بە پێی جـۆر و قالبی شیعرەکە.

## ٢ ـ ئاوازی ناوەوە

ئـــاوازی نـــاوەوە هۆکـــارێکی تـــری ڕازانـدنەوەی دەقـی شـیعرییە لە پـاڵ کـــێش و ســـەرواوە، پێکهـــاتنی ئەم ئاستەی ئاواز (لە چێـوەی ئەو بنیـادەوە دەبێـــت کە بە پێـــی پیـــت و پێکهـــاتە زمانییەکـــــانەوە و دەربرینیـــــان بە شـــێوەیەکی ئەنـــدازەیی دەنگـــی دیـــاریکراو کە شـــاعیر پشـــتی پـــێ دەبەســــــتێ لە کەرتکـــــــردن و دووبارەکردنەوەیانـــدا) (الصـــحناوی ، ٢٠١٤م ، ٩١).

وەک پێناسـەیەک (ئـاوازی نـاوەوە ئەو ئاوازەیە کە لەودیوی بینـای روخسـاری شـــیعرەوە هەســـتی پـــێ دەکرێـــت) (صـــکر، ١٩٩٠م، ٦١)، واتـــا بەدەر لە کـێش و سـەروا سیسـتەمێکی تـری دەنگی ڕێکخراو بوونی هەیە لە دەقـی شیعریدا کە گوێگر یان خوێنەری شـیعر دەتوانێـت هەسـتی پـێ بکـات و پێـی ئاشـنا ببێت، د. عزالدین بە جۆرێکی تـر پێناسـە بـۆ ئـاوازی نـاوەوەی شـیعر دەکات و دەڵێت ( مەبەسـت لە ئـاوازی نـــــاوەوە ئەوەیە کە لە ڕێـــــــگەی دووبـــارەکردنەوەی دەنــگ و وشـــە و دەستەواژە و دێڕ و نیوەدێڕەوە دروسـت دەبێت) (بیبانی، ٢٠١٥ز، ٩٣)،

د. عزالـــدین لە پێناســـەکەیدا تەنهـــا ئامـــاژە بە دووبـــارەکردنەوەی دەنـــگ دەکات ، بەڵام دووبارەکردنەوەی دەنـگ تەنهـــا بەشـــێک لە ئـــاوازی نـــاوەوە پێکدەهێنێت، چونکە دەشێت لە ڕێگەی کەرتکـــــردن و ســـــەروادارکردنی ئەو کەرتـــانەوە بەشـــی نـــاوەوەی دێـــڕە شـیعرەکان ئـاوازدار بکـرێن، هەروەهـا جوتاندن و سازاندنی ووشـەکان بە پێی پـۆلێن و بە پـۆل کردنـی ئەو وشـانە بە پاڵ یەکەوە هۆکارێکی ترە بـۆ دروسـت بوونی ئاوازی ناوەوەی دەقـی شـیعری چـونکە ئەو ســازاندنە دەبێــتە هــۆی فەراهەمبوونی تایبەتمەندی وەستان و بـــزوان لە بەشـــی نـــاوەوەی دێـــڕە شیعرەکان.

## ١ ـ ٤ هۆکارەکانی دروست بـوونی ئاوازی شیعری

### ١ ـ دووبارەکردنەوەی دەنگ

دیـاردەی دووبـارەکردنەوەی دەنـگ لە شـــیعردا هۆکـــارێکی گـــرنگە بـــۆ درووســـتبوونی ئـــاوازی شـــیعری، جێکەوتەی دووبـارەکردنەوەی دەنـگ بە جـۆرێکە کە لەگەڵ بیسـتندا هەسـتی پێدەکرێت و دەبێتە هـۆی دروسـتبوونی

زەنــگ و دەنگــدانەوە، سیســتەمی ئـاوازەییش بە دووبـارەکردنەوەی دەنـگ بە دوو شێوە پێکدێت:

**یەکەم ـ دووبـارەکردنەوەی تـاکە دەنگ**

**دووەم ـ دووبارەکردنەوەی چەپـکە دەنگ** (میرزا ، ٢٠٠٨ز ، ٣٧)

هەرچــــــــی شـــــــــێوەیەی یەکەمە(دووبارەکردنەوەی تـاکە دەنـگ) دووبــارەکردنەوەیەکی ڕەمەکیــیە، ئەم شـــێوەیە پێکـــدێت لە ئەنجـــامی بەدیارخســتن و زەق کردنــی دەنگێــک یان چەند دەنگێک لە دێـرە شـیعرەکاندا بە بێ گرنگیدان بە شوێن و ڕیـز و بڕ و هاوجێکردنیان، بە واتایەکی تـر دەنگـی دیـارخراو لە چەنـد وشــەیەکدا دووبـارە دەبێتەوە بـێ ئەوەی وشــەکان وێکچـوو بــن لەگەڵ یەکــدی لە ڕووی (فــۆرم ، ئــاواز ، بــڕی دەنــگ ، شـــوێنیان لە سنووری دێرە شیعر) .

هەرچــــی شـــێوەی دووەمیشـــــە (دووبـــارەکردنەوەی چەپـــکە دەنـــگ) دووبارەکردنەوەیەکی ڕێکخـراو و تەریـب بە یەکترە، دووبارەکردنەوەی دەنگ لەم شـێوەیەیاندا گرنگـی بە بـڕ و شــوێن و ڕیزکردنیــــــان دەدرێــــــت لە لایەن شــــاعیرەوە، بە جۆرێـــک کە دەنگـــی دووبـارە لە هەنگـاوە زمـانی و کـۆپلە و کەرتە شیعرییەکاندا هاوجێـدەکرێن، لە نیـوەدێردا ڕیزێکـی ڕێکیـان دەبێـت و لە دێرەکانــدا تەریــب بە یەک دەکــرێن و هەنگــــاو و کەرت و کۆپلەیــــان پــــێ هاوشـێوە و نزیـک لە یەک دەکرێـت لە ڕووی گۆکردنەوە.

**٢ ـ کەرتکردن**

هۆکارێکی تر بۆ درووسـتبوونی ئـاوازی شـــیعری دیــاردەی کەرتکــردنە، ئەم دیـــاردەیە (جـــۆرێکە لە هونەرەکـــانی جوانکاری وشەیی و تیایدا شـاعیر دێـڕ یـان نیـوەدێڕ کەرت دەکـات بـۆ چەنـد یەکەیەکـــی بچـــوکی ســـەروادار و ســەروای دێـڕەکەش پـارێزراو دەبێـت) (گەردی ، ٢٠١٣ز ، ٢٩٣)، لێـــــــرەدا دەشـێت کەرتەکـان لە ڕووی کێشــەوە یەکسان بن و دەشێت کێشیان جیـاواز بێـــت، بەڵام مەرجە ســـەروایان یەک بێت.

**٣ ـ کێشانە و هاوتاکردن**

کێشـــانە و هاوتـــاکردن لە شــــیعردا هۆکـارێکی گـرنگە بـۆ دروســتکردنی ئــاوازی شــیعری بە تــایبەت کێشـــی شیعری، شاعیران کێشی نێـوە دێڕ لە ڕێگەی بژاردەکردنی چەند وشەیەکەوە هاوتــــا و یەکســــان دەکەن بە نێــــوە دێرەکانی تر، بە واتـایەکی تـر بە چەنـد وشـەیەک کە جیاوازن لە ڕووی فـۆرمی دەنگیــیەوە کێشــانەی شــیعرەکانیان دەکەن و هەمان هەنگاوەکانی کێشـی شیعری دووبارە دەکەنەوە لە نێوان نیوە دێرەکانـــدا، ئەم دیـــاردەیە زیـــاتر لە هەنگاوەکـانی کێشــی عەرووز بە دیـار دەکەوێت، کە خاسیەتی هەنگاوەکانی عەرووز بە جۆرێکە کە (پڕ و چەندێتی و چۆنێتی) بڕگە دەنگییەکانی تیـا ڕەچـاو کـراوە و بە چەنـد وشــەیەکی جیــاواز هەمان هەنگاوەکان دووبارە دەکرێنەوە.

**٤ ـ لە چێوەدان**

لە چێوەگرتن و سنووردارکردنی نیوەدێڕ و دێــڕ و کــۆپلە و پــارچە لە شـــیعردا هۆکارێکی ترە بۆ دروستکردنی ئـاوازی شـــیعری بە تــایبەت ئــاوازی دەرەوەی شــــیعر، شـــــاعیران لە ڕێــــگەی بەکارهێنــانی (چەنــدێتی و چــۆنێتی) سەرواوە چێوە بۆ دەقە شـیعرییەکانیان دیاریــدەکەن و لەو ڕێــگەیەوە شـــیعر و دێڕ و کۆپلەکانیان سـنوردار دەکەن و لە

یەکـــدی جیـــا دەکەنەوە، هەر لەو ڕێگەیەشـــەوە جـــۆری شـــیعرەکانیان دیاریدەکەن لە ڕووی قاڵبی شیعرییەوە وەکـوو (غەزەل و قەسـیدە و پـارچە و موستەزاد و چوارین و پێـنج خشـتەکی و چوارخشتەکی و جووت سـەروا و دوو بەیتە و چوارینە بەنـد و پێنجینـە بەنـد و تەرجیـع بەنـد و تەرکیـب بەند...هتـد) (خەزنەدار ، ٢٠٠١ز ، ١٦١_١٦٨ )

بەشێوەیەکی گشـتی سـەروا لە پـاڵ ئەرکـــی یەکەمیـــیەوە کە تەواوکەری پرگەی ئاوازەییی دێرە شیعرە ئەرکێکی تــر بەجــێ دەگەیەنێــت کە لە ڕووی چەنـدێتی و چـۆنێتییەوە جـۆر و قـاڵبی شیعری پێ دیاری دەکرێت.

## بەشی دووەم
## ڕۆڵی هونەرەکانی جوانکاری لە بنیادی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعریدا
## شیعرەکانی ( نالی ) بە نمونە
## پاری یەکەم
### ١ ـ ١ گرنگـــی هونەرەکـــانی ڕەوانبێژی لە لای شاعیران

شـاعیران بە شـێوەیەکی گشـتی گرنگـــی زۆریـــان بە هونەرەکـــانی ڕەوانبێـژی داوە بە مەبەسـتی تـۆکمە کـــــردن و جـــــوانکردنی دەقە شیعرییەکانیان، بەشـێک لەو هـونەرانە پەیوەسـتن بە وێـنەی شـیعرییەوە کە ئەمـــانیش دەکەونە چوارچێـــوەی ڕوونبێـژییەوە و پێکـدێن لە هونەرەکـانی (لێکچوانــدن و خــوازە و درکە) (عمــر، ٢٠١٩ز، ل٣٤٤) ، شـاعیران لە ڕێـگەی ئەم بەشـەی ڕەوانبێژییەوە فراوانبینی و خەیـاڵ و بیـرۆکە شـیعرییەکانیان بە شـێوەیەکی ڕوون و جـوان دەخەنە ڕوو، هەر لە ڕێـــگەی ئەم بەشـــەی هونەرەکانی ڕەوانبێـژییەوە دەسـتکاری وێـنە بوواوەکـان دەکەن بە مەبەسـتی جـوانکردن و بە ئیسـتاتیککردنی دەقە شـــیعرییەکانیان و وێـــنەی نـــوێ و سـازێنراوی خەیـاڵی خۆیـان دەهێنـنە بوون.

بەشێکی تر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی پەیوەسـتن بە جـوانی دەقەوە لە ڕووی سـازانی وشـەیی و بـوێژییەوە کە ئەمـــانیش دەکەونە چوارچێـــوەی جوانکـــارییەوە لە هونەرەکـــانی ڕەوانبێژیـــدا، شـــاعیران لە ڕێـــگەی بەکارهێنانی هونەرەکانی ئەم بەشەی ڕەوانبێژییەوە شیعرەکانیان پاراو و ڕەوان دەکەن لەسەر زار و پڕ چێژی دەکەن تـا پتر کاریگەری لەسـەر دەروون دروسـت بکـات و خێراتـر بە دەروونـی وەرگـری دەقە شیعرییەکانیانی بگەیەنن.

بە شـــێکی تـــر لە هونەرەکـــانی ڕەوانبێژی پەیوەستن بە ڕێک بێژییەوە و دەکەونە چوارچێـوەی واتاناسـییەوە لە ڕەوانبێژیدا، ئەم هـونەرانەش ڕاسـتی و دروسـتی دەق بە دیـاردەخەن لە ڕووی واتـــاییەوە و ئاســـتی زمـــانزانی و شـارەزایی شـاعیر بەدیـار دەخەن لە ڕووی بەکارهێنانی دروستی کەرەستە زمانییەکانەوە،

دواجار بەکارهێنانی ڕاسـت و دروسـتی ئەو هـــونەرانە لە ئاســـتی هەرســـێ بەشـــەکەی ڕەوانبێژیـــدا هۆکـــارن بـــۆ ئەوەی دەقـی شـیعری ڕوون و ڕەوان و ڕێک بێـت و دەقێکـی تـۆکمە و پڕچێـژی لێـوە بەرهەم بێـت، لە هەمـان کاتـدا ســـازێنراوی بەر هـــۆش و هەســـت و دەروونـــی خـــوێنەر و وەرگـــری دەقە شیعرییەکە بێت.

**١ ـ ٢ هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە لای شاعیر نالی**

نالی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی گرنگییەکی زۆری بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی داوە و بە وردییەوە مامەڵەی لەگەڵ کردوون لە هۆنینەوەی دەقە شیعرییەکانیدا، لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە شیعرەکانی پاراو و ڕەوان کردووە و پڕ چێژی کردووە لە ڕووی ئاوازەوە.

لێرەدا ئەوەی بەلامانەوە گرنگە بۆ باسەکەمان بوونی هەندێک لەو هونەرانەیە لە نێو شیعرەکانیدا کە پەیوەستن بە ئاوازی شیعرییەوە و ڕاستەوخۆ دەبنە هۆکاری دروستبوونی بنیادی ئاوازەیی لە دەقە شیعرییەکانی، ئەو هونەرانەش زیاتر دەکەونە چوارچێوەی جوانکارییەوە و لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوەی دەنگ و چەپکەدەنگ پێکهاتوون، هەر ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کاریکەری تەواویان هەبێت لەسەر بنیادی ئاوازەیی لە ئاستی ناوەوەی شیعرەکانی.

## پاری دووەم
## ئەو هونەرانەی هۆکارن بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوە لە هۆنراوەکانی نالیدا

### ٢ ـ ١ جوانکاری ووشەیی

### ٢ ـ ١ ـ ١ ڕەگەزدۆزی

هونەری ڕەگەزدۆزی (هاوبێژی) پانتاییەکی فراوانی لە شیعری شاعیران داگیرکردووە بە تایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، پێکهاتنی ئەم هونەرە پەیوەستە بە بوونی زیاتر لە ووشەیەک لە دیرە شیعرێکدا کە لە ڕووی فۆرمەوە لێکچوو بن یان نزیکە لێکچوو بن و لە واتادا جیاواز بن،

لە لایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ڕەوانبێژییەوە پێناسەی یەکگیر بۆ ڕەگەزدۆزی کراوە ئەگەرچی پێناسەکانیش جیاواز و جۆراوجۆر بن لە ڕووی دەربڕینەوە، د. عزالدین صابر پێی وایە کە (بریتییە لە بوونی دوو ووشە لە دەربڕیندا لێکچوو بن و لە واتادا جیاواز بن) (بیبانی ، ٢٠٢٥ ، ل٢٤)

لێرەدا بوونی تایبەتمەندی وێکچوون لە نێوان ووشەکاندا لە ڕووی فۆرمەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعری و دوو جۆری سەرەکی هەیە، ئەوانیش (ڕەگەزدۆزی تەواو) و (ڕەگەزدۆزی ناتەواو)، هەر بۆیە بە جیا نموونە بۆ هەردوو جۆرەکەی دەهێنینەوە و پەیوەندییان بە ئاوازی ناوەوەی ئەو دێرانە دەخەینەڕوو.

**ئـ ـ ڕەگەزدۆزی تەواو**

نالی لە دێڕێکدا دەڵێت :

سروشکم ئاب و دانەی نارە کێ دی ؟!

بە گەرمی داوەرێ بەم **تەرزە تەرزە** ...ل٣٦٩ (*)

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ئەم دێڕە شیعرە دەبینین لە نیوە دێڕی دووەم ووشەی (تەرزە) دووجار هاتووە جارێک بە واتای (چەشن ـ شێوە ـ جۆر) هاتووە و جارێکیش بە واتای ئەو (تەرزە)یەی کە دادەبارێ هاتووە، ئەم دووبارە کردنەوەیەش هۆکارێکە بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی دێڕە شیعرەکە، هەروەها وێکچوونی تەواو لە نێوان فۆرمی هەردوو ووشەکە دەیخاتە خانەی ڕەگەزدۆزی تەواوەوە،

چونکە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزی تەواوی تیا بەدی هاتووە،

ئەو مەرجـــانەش کە پێویســـتە لە ڕەگەزدۆزی تەواودا هەبێــت بــریتییە لە (ژمــارەی پیــت ، جــۆری پیــت ، ڕیــزی پیت) (عمر ، ٢٠١٩ ، ل٣٩٣)

(*) نمـوونەی دێـڕە شـیعرەکانی نـالی لەم تـــوێژینەوەیەدا ســـەرجەمیان لە کتێبی (**دیوانی نالی ـ لێکـۆڵینەوە و لێکـــدانەوەی مەلا عبـــدالکریمی مـودەریس ، فـاتیح مەلا کـریم**)ەوە وەرگیراون.

نالی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

ساقی بە مەیی کۆنە لەسەر عـادەتی **نەو بە**

بشـــکێنە بە یەک **نەوبە** دووســـەد ماتەمی تەوبە ...ل٣٢١

لەم دێـــڕە شـــیعرە ئەگەر تیبینـــی وشـــەکانی (نەو بە ، نەوبە) بکەیـــن دەبینـــین تەواو لێکچـــوون لە ڕووی فـۆرمەوە و دوو واتـای جیاوازیـان هەیە، ئەم وێکچــوونەش دەیانخــاتە خــانەی ڕەگەزدۆزی تەواوی (ســاوێتە) چــونکە وێکچونەکە لە نێوان دوو وشـەی ئاوێتە و وشـــەیەکی ســـادە پێکهـــاتووە، لە هەمـان کاتـدا وێکچـوونی نێوانیشـیان هۆکارە بۆ دروسـتبوونی ئـاوازی نـاوەوە لەم دێـڕە شـیعرەدا چـونکە لەسـەر بنەمـای دووبـارەبوونەوە پێکهـاتووە و بە گوێدا دەزرینگێتەوە.

**ب ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواو**

بنەمـای دروسـتبوونی ئەم جـۆرە لە ڕەگەزدۆزی ئەوەیە وێکچوون هەبێت لە نێـوان دووشــەدا یـان زیـاتر لە سـنووری دێـــڕە شـــیعرێکدا و لادان هەبێـــت لە یەکێـــک لە مەرجەکـــانی ڕەگەزدۆزی تەواو، وەک پێناســـەیەک (بـــریتییە لە بوونی دوو وشـە کە یەک یـان زیـاتر لە مەرجەکـــــانی ڕەگەزدۆزی تەواو لە دەسـت دەدات، واتە بەشـێکی گرنگـی ڕەگەزدۆزییە کە لە دوو وشــە پێکـدێت کە تــا ڕادەیەک لێکچــوون لە نێوانیانــدا هەبێـــــت، بەڵام لێکچـــــوونەکە تەواو نەبێـت، لە واتاشــدا هەردوو وشــەکان لە یەکتـــری جیـــاوازبن و هەرەیەکەو واتــای ســـەربەخۆی خــۆی هەبێـــت) (عەبدوڵا ، ٢٠١٢ ، ل١٨)

نمـــوونە بـــۆ ئەم جـــۆرەی ڕەگەزدۆزی نالی دەڵێت:

نەقشی **دوو مـوویی** بە **دووڕوویـی** دەبێتە **عەیب**ی **شەیب**

ئاینەی **ڕوو پاکیە ڕووناکیە نوور** و شەمەت ... ل٢٠٠

ئەگەر تێبینی وشـەکانی (دوو مـوویی ــ دووڕوویــی) هەروەهــا وەشـــەکانی (عەیب ـ شەیب) هەروەها وشـەکانی (ڕوو پاکی ـ ڕووناکی) بکەیـن لەم دێـڕە شـــیعرەدا دەبینـــین وێکچـــوون هەیە لە نێـــوان فـــۆرمی هەر یەک لەو جـــووتە ووشـــانە بەڵام لە پیتێکـــدا جیـــاوازن، ئەمەش بووە بە هۆکاری دروسـتبوونی ڕەگەزدۆزی نـاتەواو لە جـۆری نـاتەواوی جودا، هەروەها بوونی ووشـەی (ڕوون) لە پێکهـاتەی وشـەی ڕوونـاکی لەگەڵ ووشـــەی (نـــوور) بـــووە بە هـــۆی دروســـتبوونی ڕەگەزدۆزی نـــاتەواوی پـــێچەوانە، لە هەمـــان کاتـــدا بـــوونی وێکچوون لە نێوان ئەم پـۆلە ووشـەیەدا لە سـنووری دێـڕە شـیعرەکە بـووە بە هۆکاری درووسـتبوونی زنجیـرەیەک لە سیســـتەمی ئـــاوازەیی نەپچـــڕاوە کە ئاوازی ناوەوەی دێڕە شـیعرەکەی پـێ دەوڵەمەند بووە،

نالی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

یەعنی **گوڵاوی** قودسە **گـڵاوی** رەفـع ئەکا

ئەو **خــاکە چــاکە پــاکە** و ئەو ئــاوە
مەتهەرە ... ل٣٤٤

ئەگەر لە نیوەدێڕی یەکەمـی ئەم دێڕە شـیعرە وردبیینـەوە دەبینـین وێکچـون هەیە لە نێوان فۆرمی هەردوو ووشـەی (گـولاو) و (گـلاو) بەڵام لە وشـەی دووەمـدا پیتێکـی کەمە ئەویـش پیتـی (و)ە بەم هۆکـارەش بـووەتە هـۆی دروسـتبوونی ڕەگەزدۆزی نـاتەواو لە جـۆری (ڕەگەزدۆزی نـاتەواوی موکتەنیف) کە بە هـۆی کەمـی پێتێـک یـان چەنـد پیتێـک لە ناوەڕاسـتەوەی ووشـەیەکیانەوە دروسـت دەبێـت (بیبـانی ، ٢٠٢٥ ، ل٣٨) ، لە هەمـان کاتـدا بـوونی خاسـیەتی وێکچـوون لە نێوان فۆرمی هەردوو ووشـەکە هۆکارە بۆ درووسـتبوونی ئاوازی نـاوەوەی دێڕە شیعرەکە،

هەر لە هەمـان دێـڕدا هەرسـێ ووشـەی (خاک ، چاک ، پاک) دەکەونە خانەی ڕەگەزدۆزی ناتەواوی جـوداوە و زنجیرەیەک ئاوازیان دروسـت کـردووە لە دیوی ناوەوەی نیوە دێڕی دووەم.

**٢ ـ ١ ـ ٢ گێڕانەوە**

گێـڕانەوە یەکێکـی تـرە لە هونەرەکـانی جوانکـاری ووشـەیی، دروسـتەی ئەم هـونەرە دەکەوێـتە سـەر دووبـارەکردنەوەی کەرەسـتەیەکی زمانی واتادار لە نێو دەقی شـیعریدا بە جۆرێـک کە هەر بارێـک بە هەمـان ئەرکی زمانی خـۆی بهێنـرێتەوە لەگەڵ وشـەیەک یان دەسـتە ووشـەیەک کە جیاواز بن لە یەکدی، م. حسن عەلـی پێناسـەی بۆ گێڕانەوە کـردووە و دەڵێـت کە (گێڕانەوە ئەوەیە کە ووشـەیەک یـان ڕسـتەیەک یـان دەسـتەواژەیەک بێنـی کە بە واتـایەکی تـایبەتییەوە بەسـترابێتەوە پاشـان هەمان ووشـە یان ڕستە یان دەسـتەواژە بهێنێـتەوە بەڵام ئەمجـارە پەیوەنـدی بە شـتێکی تـرەوە هەبێت) (عمر، ٢٠٢١ ، ل٢٣٥)

بە واتـایەکی تـر ئەم هـونەرە پەیوەسـتە بە دووبـارەکردنەوەی کەرەسـتەیەکی زمـانی و پەخـش کردنی بەسـەر چەنـد یەکەیەکـی تری زمانی لە نێو دێڕە شـیعرێکدا، نـالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

بنازم دلبەری خۆم چەندە پڕ وەسـف و چ بێ عەیبە
**بە** چـاو مەسـت و **بە** دڵ هۆشـیار **بە** ئەبرۆ جووت و هەم تاقە ...ل٣٧٥

لەم دێڕەدا دووبارە کـردنەوەی ووشـەی (بە) و بەسـتنەوەی بە ووشـەکانی (چاو ، دڵ ، ئەبـرۆ)ەوە دەچێـتە خـانەی هونەری گێڕانەوەوە و لە هەمـان کاتـدا هۆکارێکیشە بۆ درووسـتبوونی ئـاوازی نـاوەوەی دێـڕە شـیعرەکە، نـالی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

بـنـوێنـە بـرۆ یەعنـی هیـلالـی **سـەری** ماهـت
چون وەعدەیی ماچی **سەری** کوڵمت **سەری** مانگە ...ل٣٨٣

لەم دێڕە شیعرەشدا دووبـارەکردنەوەی ووشـەی (سـەری) بـۆ سـێ جـار و هەرجـارە و لەگەڵ ووشـەیەکی تـردا هێنـراوەتەوە بـووە بە هۆکـاری دروسـتبوونی هـونەری گێـڕانەوە، لە هەمـان کاتـدا بـووە بە هـۆی دروسـتبوونی ئـاوازی نـاوەوەی دێڕەکە کە دەرەنجـام بە سیسـتەمێکی ئـاوازەیی وشـەکانی بەیەکەوە بەسـتووەتەوە لە دیـوی نـاوەوەی دێـڕەکەدا، هەروەهـا نـالی لە دێڕێکـی تردا دەڵێت:

ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و کوڵخەنی ئەمەل

**هەندێ** بووە بە مەسجید و **هەندێ** بە مەزبەلە ...ل٣٨٤

لە نیوەی دووەمی ئەم دێڕە شیعرەشدا دووبارەکردنەوەی هاوەڵناوی ژمارەیی نادیاری (هەندێ) بۆ دوو جار و گونجاندنی جارێک لەگەڵ ووشەی (مەسجید) و جارێک لەگەڵ ووشەی (مەزبەلە) دەیخاتە خانەی هونەری گێڕانەوە و هۆکارێکیشە بۆ درووستبوونی ئاوازی ناوەوەی دێڕە شیعرەکە، نالی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زولف و ڕوو

دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە ...ل٤٧٦

لەم دێڕە شیعرەشدا نالی شاعیر ئاوەڵناوی ژمارەیی (دوو)ی بۆ سێ جار دووبارە کردووەتەوە گێڕاویەتییەوە بۆ ووشەکانی (هیلال ، شەو ، ماهـ)، بەمەش ئاوازێکی خۆشی بۆ دێڕەکە دروست کردووە لە ئاستی ناوەوە.

**٢ ـ ١ ـ ٣ گەڕانەوە**

گەڕانەوە جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری ووشەیی کە دروست بوونی بەندە لە سەر دووبارەکردنەوەی کەرەستەیەکی زمانی لە سنووری دێڕە شیعردا، بە جۆرێک کە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی شیعر دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکێک لە ووشەکانی نێو نیوە دێڕی شیعری یەکەم جا ئەو ووشەیە لە کۆتایی یان لە ناوەڕاستەوەی نیوەدێڕەکەدا بێت،

د. ئیدریس عەبدوڵا بەم جۆرە پێناسەی بۆ ئەم هونەرە کردووە و دەڵێت: (بریتییە لە گەڕانەوەی شاعیر لە سەرەتای دێڕی دووەمیدا، یان لە سەرەتای نیوە دێڕی دووەمیدا بۆ جەختکردن لە سەر واتای ئەو ووشە، یان ئەو ووشانەی لە ناوەڕاست یان لە کۆتایی دێری یەکەمیدا یان نیوەدێڕی یەکەمیدا هێناوییەتی) (عەبدوڵا ، ٢٠١٢ ، ل٣٩)

نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

مووی سپی کردم بە شوشیتن ئاوی عەینی **شۆرە شەت**

**شۆرە شەت** یەعنی کە تێیدا خود بە خود قەل بوو بە بەت ... ل

ئەگەر تێبینی ووشەی (شۆرە شەت) بکەین دەبینین لە سنووری تاکە دیڕێکدا ئەم هونەرەی پێکهێناوە، کە ئەمەش بووە بە هۆکاری دروست بوونی ئاوازی ناوەوەی ئەم دێڕە شیعرە، بەڵکوو هۆکارێکیشە بۆ بەستنەوەی هەردوو نیوەدێڕەکە بە سیستەمێکی ئاوازەیی ڕێک، نالی لە دیڕێکی تردا دەڵێت:

مەڵێ دەشتە بڵێ دونیا هەموو خانێکە ئەم **حەوشە**

چ **حەوشێکە** کە ئافاتی حەسار ئەفلاکی سەربانە ...ل٤٠٥

لەم دیرە شیعرەشدا نالی شاعیر لە رێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی (حەوشە) لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەم دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم، ئەم دووبارەکردنەوەیەش هۆکارێکی گرنگە بۆ بەردەوامی سیستەمی ئاوازەیی لە نێوان هەردوو نیوە دێڕەکەدا،

دەشێت شاعیران ئەم هونەرە لە نێوان دوو دێڕە شیعردا بەکار بهێنن ئەمەش بۆ بەردەوامی و نەپچڕانەوە لە نێوان هەردوو نیوە دێڕەکەدا چ لە ڕووی واتاوە بێت یاخوود لە ڕووی ئاوازەوە، نموونە بۆ ئەم جۆرەی گەڕانەوە لە شیعرەکانی نالی:

مەکانی واسیتەی ئیمکان مەکانەت
بەخشی ئینس و جان
مەکینی لامەکان سەیران تێدا
تەشریفی **میوانە**
چ **میوانێکە** ساحێب جێ و جاهە و
عیززەت و عەزمە
کە دوو عالەم توفەیلی دەعوەتی و ئەو
ساحیبی خوانە ... ل٤١٥

ئەگەر سەرنج بدەینە ووشەی میوان دەبینین هۆکارێکە بۆ بەستنەوەی ئەم دوو دێرە شیعرە بە یەکدییەوە چ لە رووی ئاوازەوە یاخوود لە رووی واتاوە، ئەمەش دەچێتەوە خانەی هونەری گەڕانەوە لە سنووری دوو دیرە شیعردا و هۆکارێکیشە بۆ بەردەوامی سیستەمە ئاوازەییەکە لە ئاستی ناوەوەی ئەم شیعرە، هەروەها نالی لە دوو دێری تردا دەڵێت:

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری
سەرقەتارت بم
کە دەمکێشێتە ڕەوزەی حەی وەکوو
مەجنوونی دێوانە
چ ڕەوزە ڕەوزەیی جەننەت چ جەننەت
جەننەتی قوربەت
چ قوربەت قوربەتی ڕاحەت چ ڕاحەت
ڕاحەتی جانە ...ل٤١٥

لەم دوو دێرەشدا نالی شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی زنجیرەیەک لەم هونەرە دەبینین دێری دووەمی لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ووشەی (ڕەوزە) گرێداوە بە دێری یەکەمەوە،

هەروەها نیوەدێری دووەمی لە دێری دووەم گرێداوە بە نیوەدێری یەکەمی دێری دووەمەوە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ووشەی (قوربەت)ەوە،

لە هەمان کاتدا دێری دووەمی دابەشکردووە بەسەر چوار بەشدا و لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە کەرتی دووەمی نیوەدێری یەکەمی گرێداوە بە کەرتی یەکەمی نیوەدێری یەکەمەوە لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ووشەی (جەننەت) ،

هەروەها کەرتی دووەمی نیوەدێری دووەمی گەڕاندووەتەوە بۆ کەرتی یەکەمی نیوەدێرەکە لە ڕێگەی ووشەی (ڕاحەت)ەوە ،

هەروەها بە دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناوی پرسی (چ) بۆ چوار جار و بەکارهێنانی لە پاڵ ووشەکانی (ڕەوزە) ، (جەننەت) ، (قوربەت) ، (ڕاحەت) بووەتە هۆکاری درووستبوونی هونەری گێڕانەوە، بەمەش زنجیرەیەکی ئاوازی خۆش و ڕەوانی دروستکردووە لە ئاستی ناوەوەی ئەم دوو دێرە شیعرە.

## ٢ ـ ١ ـ ٤ کەرتکردن

کەرتکردن جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری ووشەیی، پێکهاتنی ئەم هونەرە لە ڕێگەی دابەشکردنی دێرە شیعر یان نیوە دێری یەکەمەوە دەبێت بەسەر چەند بەشێکدا کە هەمکێش و هەمسەروا بن، م. مەریوان حسێن بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت (یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕازاندنەوەی ڕوخساری شیعری و پێدانی شیعرییەت بە دەق، ئەمەش لە ڕێگای ئەو کەرتە سەروادارانەوە بەدەر لە سەروای گشتی هۆنراوەکە و هۆکاریشن بۆ دروستبوونی مۆسیقای ناوەوە) (فەرحان ، ٢٠١٥ ، ل٦٦)

نموونە بۆ ئەم جۆرە لە هونەری جوانکاری نالی دەڵێت:

دێوانە کە شەیدا بێ، تووکی سەری
سەودا بێ

قەت هیچی لەسەر نابێ، دەستاری لە کن پەشمە ...ل٣٩١

لەم دیرە شیعرەدا نالی دابەشکاری بۆ دێرەکە کردووە و دابەشی چوار کەرتی کردووە بەم شێوەیە:

دێوانە کە شەیدا بێ
تووکی سەری سەودا بێ
قەت هیچی لەسەر نابێ
دەستاری لە کن پەشمە

دەبینین کەرتەکان هەمکێش و هەمسەروان جگە لە کەرتی چوارەم کە بۆ سەروای گشتی هۆنراوەکە دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە دابەشکردنەش هۆکارە بۆ دروستتکردنی ئاواز لە ئاستی ناوەوەی دێرەکە لە ڕێگەی سەروادارکردنی کەرتەکانەوە،

دەشێت ئەم هونەرە تەنها لە نێوە دێری یەکمدا ساز بکرێت بە دابەشکردنی بۆ دوو بەش، بە نمونە نالی لە دیرێکدا دەڵێت:

تۆ نەو شگوفتە وەردی، من مایلم بە زەردی
تۆ هەمسەرت نەسیمە من هەمدەمم لەهیبە ...ل٣٢٤

ئەگەر تێبینی بکەین نالی لەم دێرە شیعرەدا تەنها نیوەی یەکەمی دابەشکردووە بە سەر دوو بەشی هەمسەروا و هەمکێشدا و نیوەی دووەمی فەرامۆش کردووە بەم شێوەیە:

تۆ نەو شگوفتە وەردی
من مایلم بە زەردی
تۆ هەمسەرت نەسیمە من هەمدەمم لەهیبە

لەم بارەیاندا ئاوازی ناوەوە تەنها لە ڕێگەی دابەشکردنی نیوەی یەکەمەوە پێکهاتووە و نیوەی دووەم پەیوەست نییە بەو ئاوازەوە. هەروەها لە دیرێکی تردا دەڵێت:

سەهەم و نەسیبی ئەسڵییە، بەحسی گیاهـ و گڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە، موودنە ماچی لەب دەکا ...ل٧٦

لەم دێرە شیعرەشدا نالی تەنها نیوەی یەکەمی دابەشکردووە و نیوەی دووەمی فەرامۆش کردووە، کە ئەمەش هۆکارە بە پەیوەستکردنی ئاوازی ناوەوە لە سنووری ئەم هونەرە تەنها بە نیوەی یەکەمی دێرە شیعرەکەوە.

لە هەمان کاتدا دەشێت سازاندنی ئەم هونەرە لە ڕێگەی دابەشکردنی دێرە شیعرەوە ساز ببێت بەسەر چەند کەرتێکی هەمسەروا و کێش تیایانا فەرامۆش بکرێت وەک لەم دێرە شیعرەی نالی بەدەر دەکەوێت:

ئەو چاوە غەزالە فەتەراتی سەرو و ماڵە
ئەو نەرگسە کاڵە نە منی هێشت و نە کاڵا ...ل٩١

ئەگەر لەم دێرە شیعرە وردبینەوە دەبینین دێرەکە دابەش کراوە بەسەر چوار کەرتدا بەم شێوەیە:

ئەو چاوە غەزالە
فەتەراتی سەرو و ماڵە
ئەو نەرگسە کاڵە
نە منی هێشت و نە کاڵا

لێرەدا سێ کەرتی یەکەم هاوسەروان و کەرتی چوارەم لە ڕووی سەرواوە پەیوەستە بە سەروای گشتی هۆنراوەکەوە، بەڵام لە ڕووی کێشەوە کەرتی دووەم لە نیوەی یەکەمی دێرەکە جیاوازە لەوانی تر بەڵام بە هۆی سەرواوە بووەتە هۆی

بەشـــداریکردنی لە پێکهێنـــانی ئـــاوازی ناوەوەی دێڕە شیعرەکە.

**٢ ـ ١ ـ ٥ هێنانەوە ـ دوا بۆ سەر**

هێنانەوە یەکێکـی تـرە لە هونەرەکـانی جوانکاری ووشـەیی کە لەسـەر بنەمای دووبــارەبوونەوەی ووشـــە بەنـــدە، بە جۆرێــک کە لە کۆتــایی دێــڕە شـــیعر هەمــان ووشـــەی ســـەرەتای دێــڕەکە دووبـــــــــارە دەکــــــــــرێتەوە، ئەم دووبــــارەکردنەوەیەش وا دەکـــات کە ووشـەکانی ئەو دێڕە شیعرە بخـاتە نێـو چوارچێـــــــوەیەکی ئـــــــاوازەییەوە و بەیەکەوەیــان ببەســتێتەوە، عەلادیــن سەجادی بەم جـۆرە پێناســەی بـۆ ئەم هونەرە کـردووە و دەڵێـت (ئەم هـونەرە ئەوەیە کە ئـــاخری هـــۆنراوەکە، واتە ووشــەکەی بگێـڕدرێتەوە بـۆ ســەرەتای بەیــتەکە، یەعنــی ئەو ووشــەیە کە لە ئاخری هـۆنراوەکەوەیە، هەر چەشـنی ووشــــە لە ســــەرەتای هـــۆنراوەکەوە بووترێ)( سەجادی ، ١٩٧٨ ، ل١٣٧)

نموونە بـۆ ئەو هـونەرە لە شـیعرەکانی نالی :

گەر **خەیاڵی** دەهەنـی بێـنمە نێـو ئەم غەزەلە

دێـــــــن دەڵـــــــێن ئەم غەزەلە وردە **خەیاڵێکی** هەیە ...ل٤٧٣

لەم دیــڕە شـــیعرەدا نـــالی شـــاعیر بە گەڕانەوە بـــۆ ووشــــەی دەســـتپێکی شـــــیعرەکە کە ووشــــەی (خەیـــاڵ)ە کۆتاییەکی جوانی دروسـت کـردووە بـۆ دێــڕەکە و هـــونەری دوا بـــۆ ســـەری پێکهێنــــاوە، ئەگەر تێبینـــــی بکەیـــــن ووشـــەی (هەیە) کەوتــووەتە کۆتــایی دێـــڕەکەوە بەڵام بەهـــۆی ئەوەی لەم هـــۆنراوەیەدا لەســـەرجەم دێڕەکانـــدا دووبارە بووەتەوە و بووە بە پاش سـەروا ئەوا لە ڕووی مەبەستەوە زیـاتر سـەروا سەرەکییەکان بەشدار دەبن لە بنیادی دێڕەکـان، دووبـارە کـردنەوەی ووشــەی (خەیـــاڵ)یش لێـــرەدا هۆکـــارە بـــۆ دروسـتکردنی ئاوازی ناوەوەی ئەم دێڕە شیعرە،

هەروەها لە دیڕێکی تردا نالی دەڵێت:

**سەرخۆشی** شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمێستا

قوربـان ســەری تـۆ خـۆش کە نەمـاوە **سەری خۆشم**

لەم دێڕەشـــد نـــالی بە هێنـــانەوەی کۆتایی دێڕەکە بۆ سەرەتای دێڕەکە لە ڕێگەی هێنانەوەی فۆرمێکی وێکچوو لە نێوان وشـەی لێکـدراوی (سـەرخۆش) و گرێی ناوی (سەری خۆش) کە هەمان مەبەســـــت دەدەن بە دەســـــتەوە و هەمئـاوازن دەبینــین هـونەری دوا بــۆ ســەری پێکهێنـاوە و ئـاوازێکی خۆشـی بۆ دێڕەکە دروسـت کـردووە لە ئاسـتی ناوەوە.

**٢ ـ ١ ـ ٦ پاتکردنەوە**

پاتکردنەوە جۆرێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکـاری ووشـەیی کە پەیوەسـتە بە دووبارەکردنەوەی ووشـەوە، بە جۆرێـک کە شــوێن و ڕیـزی ووشــەکان بە پـاڵ یەکەوە بــــن ، وەک پێناســــەیەک د.ئیـــدریس دەڵێـــت ( بـــریتییە لەوەی شاعیر ووشـەیەک یان دەسـتوواژەیەک یـان رسـتەیەک بێنێـت و چەنـدجارێک پـاتی بکـاتەوە بـۆ چەنـد مەبەسـتێکی تـایبەتی، بەو مەرجەی هەمـوو واتایـان یەک بێت و لە جارێکەوە بۆ جـارێکی تـر واتاکەی نەگۆڕێـت) (عەبـدولا ، ٢٠١٢ ، ل٤٢)

لێـرەدا دەبـێ ئاگـاداری ئەوە بـین کە دووبـــارەکردنەوە لە ئاســـتی ووشـــە هەندێجار تایبەتمەندی ووشـەکە لە ناو دەبات و پۆلێنەکەی دەگۆڕێت، بە نمونە

ووشــەی (مـاڵ) ئەگەر دووجـار بە پـاڵ یەکەوە بێت ئەوا دەبێـت بە (ماڵ مـاڵ) یـان (مـاڵ بە مـاڵ) و ئەو ووشــەیە لە پۆلێنی ناوەوە دەگۆڕێت بۆ ئـاوەڵکرداری لێکدراو نەک پـاتکراو، ، بـۆیە وا باشــترە ئەم هونەرە لە ئاستی فرێـز و ڕســتەدا بێت نەک ووشـەی سادە، نمونە بۆ ئەم هــونەرە نــالی شــاعیر لە یەکێــک لە هۆنراوەکانیدا سـەراسـەر دێرەکانی بەم هونەرە داڕشتووە و تیایدا دەڵێت:

بحمد الله دو چاوی یارم ئۆخەی

بەبێ مەی مەستە بـێ مەی مەســتە بێ مەی

لە بوستانی ئیرەمدا قەت نییە وەک

شـــــەمامەی وەک شـــــەمامەی وەک شەمامەی

شەوی هیجر و بەقای عومری ڕەقیبم

خودا تەی بێ خودا تەی بێ خودا تەی

وەرە موتریب بە کوێری چاوی ئەغیار

ســـەدای نەی دێ ســـەدای نەی دێ سەدای نەی

لە دووری نازەنینم ڕەنگ زەردم

وەکـوو بەی هەروەکـوو بەی هەروەکـوو بەی

لە نەهرەینی دوچاوم ئەشکی خوێنین

پەیاپەی دێ پەیاپەی دێ پەیاپەی

گوتی (نالی) ئەتۆ بمرە ئەمن دێم

خـودا کەی بـێ خـودا کەی بـێ خـودا کەی ...ل٥٩٢-٥٩٣

ئەگەر ســەرنج بخەیــنە ســەر نیــوەی دووەمــی دێرەکــان لەم هــۆنراوەیەی نــــالی شــــاعیر ئەوا دەبنــــین لە ســــەرجەمیان هــونەری پــاتکردنەوە بوونی هەیە چ لە ئاسـتی فرێـزدا بێـت یـان لە ئاســتی ڕســتە، ئەمەش وای کردووە ئەم هۆنراوەیە پڕ ئـاواز ببێـت لە ئاســتی نـاوەوە و خــۆش و ڕەوان بێــت لەســــەر زار و پــڕ چێــژ بێــت لە کــاتی بیستندا.

## ٢ ـ ١ ـ ٧ سەروادار

ســـەروادار جــۆرێکە لە هونەرەکـــانی جوانکـاری ووشـەیی و دروسـتەی ئەم هــونەرە پەیوەســتە بە هاوئــاوازکردنی ووشــە و فرێــز و ڕســتەوە لە نــاوەوەی دەقدا، لێکۆڵەرانی ئەدەبی زۆرجـار ئەم هونەرە بە پەخشـانەوە دەبەسـتنەوە و هەنـدێ جـار فەرامـۆش کـراوە، لەگەڵ ئەوەشــــدا دەشــــێت لە نــــاو دێــــرە شــــیعرەکاندا ئەم هــــونەرە بەرچــــاو بکەوێت بە تایبەت لە ئاسـتی ووشـەدا چونکە دێرە شـیعر مەودای ئەوە نـادات دوو ڕستەی هەمســەروا لەنێوەدێڕێکـدا بوونی هەبێـت یـان ئەگەر هەبێـت ئەوا دەچێــتە خــانەی کەرتکــردنەوە، بەڵام دەبینــــین لە ئاســــتی ووشــــەدا لە سنوورێکی کەمدا بـوونی هەیە، نـالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

**بەداوە کرژ و خاوە** یەعنی **ئاڵۆزاوە** زوڵفەینی

دوو تــــاو و دوو ســــیان و شــــێوەکەی شێواوە زولفەینی ...ل٥٦١

ئەگەر لەم دێــــرە شــــیعرەی نــــالی وردبینەوە دەبینین ووشــەکانی (بەداو ، کرژو خاو ، ئاڵۆزاو) هاوسەروان و ناچنە نێــو چوارچێــوەی هــیچ هــونەرێکی جوانکارییەوە جگە لە سەروادار نەبێـت، ئەم وێکچوونە دەنگیـیەش وای کـردووە ئـاوازێکی خـۆش لە ئاسـتی نـاوەوەی ئەم دێرە شیعرەدا دروست ببێت.

## ٢ ـ ٢ جوانکاری واتایی

### ٢ ـ ٢ ـ ١ جێ گۆڕین

جێگــــۆڕین ئەگەرچــــی وەک هــــونەر دەکەوێتە سنووری جوانکاری واتاییەوە،

بەڵام دروستەی ئەم هونەرە بەندە لەسەر دووبارەکردنەوەی دوو ووشەی هاوسێ و لە کاتی دووبارەکردنەوەیاندا جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت، د. ئدریس عەبدوڵا پێناسەی بۆ هونەرە کردووە و دەڵێت (بریتییە لەوەی دەربڕین لە سنووری ووشەی لێکدراودا بێت یان ڕستە بێ، چ لە سەرەتاوە وشەکانی تا کۆتایی بخوێنرێتەوە، چ لە کۆتایی بۆ سەرەتا ووشەکانی بخوێنرێتەوە هەر هەمان شت دەربچێ) ( عەبدوڵا ، ٢٠١٢ ، ل١٣٣)

لێرەدا بوونی خاسیەتی دووبارەبوونەوە لە نێوان ووشەکاندا هۆکارێکە بۆ درووستبوونی ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعرییەکان ئەگەرچی ووشەکان ڕێزبوونیان ئاوەژوو کراوەتەوە، نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

خادیمی مەخدوومییە، ماقوڵی ناماقوڵییە
لەم دەرە **ئاسەف سولەیمانە سولەیمان ئاسەفە** ...ل٣٧٣

لەم دێڕە شیعرەدا لە نیوەی دووەم ڕستەی (ئاسەف سولەیمانە) ڕستەیەکی نیهاد گوزارەیە و دوابەدوای خۆی جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی ڕستەکە کراوە و بووە بە (سولەیمان ئاسەفە) ئەمەش بووە بە هۆکاری درووستبوونی هونەری جێگۆڕین و لە هەمان کاتیشدا بە دووبارەکردنەوەی ئەم ووشانە ئاوازی ناوەوەی دروستکردووە بۆ نیوە دێڕەکە، نالی لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

بە نەشئەی سیستیی و مەستی وەها مەستوور و مەخموورە
نزانم **خەو** لە **چاوتدایە** یا **چاوت** لە **خەودایە** ...ل٤٦١

لەم دێڕەشدا نالی هەردوو ووشەی (خەو) ، (چاو)ی جێگۆڕکێ پێکردووە و هەمان ڕستەی دووبارە کردووەتەوە کە هەر یەک واتا دەگەیەنێت، ئەم دووبارەکردنەوەیەش بە جێگۆڕینی ووشەکان هۆکارە بۆ دروستکردنی ئاوازی ناوەوەی دێرە شیعرەکە.

**٢-٢-٢ بادانەوە**

هونەری بادانەوە یەکێکی ترە لە هونەرەکانی جوانکاری واتایی کە بەندە لەسەر دووبارەکردنەوەی وشەیەک یان فرێزێک یان ڕستەیەک و دەچێتە خانەی دووبارەکردنەوەی چەپکە دەنگەوە لە چوارچێوەی ئاوازی شیعرییەوە، مەبەست لە دووبارەکردنەوەش لەم هونەرەدا بەرپەرچدانەوەی سیفات و تایبەتمەندی و ئاماژەی یەکەمە کە لە نیوەدێڕی یەکەمی شیعردا هاتووە، مەریوان حوسێن لە بارەی ئەم هونەرەوە دەڵێت (ئەم هونەرە لە لایەن شاعیرانەوە بۆ قوڵکردنی واتا و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ لایەنی دیکە بەکارهێنراوە، کە زۆرجار شاعیر قسەیەک دەکات، دواتر نکوڵی لە قسەکەی پێشووی دەکات و بۆ واتایەکی تری دەباتەوە) (فەرحان ، ٢٠١٥ ، ل١٣٨-١٣٩)، نمونە بۆ ئەم هونەرە لای نالی شاعیر:

پێم دەڵێن مەحبوبە **خێل و قێچە** مەیلی شەڕ دەکا
**خێل و قێچە** یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا ...ل٨٣

ئەگەر تێبینی بکەین لەم دیرە شیعرە نالی وشەکانی (خێل و قێچی) وەک تانەی خەڵکی خستووەتە ڕوو کە بە یارەکەی دەڵێنەوە، کەچی هەمان ئەو ووشانە بەرپەرچی ئەو تانەیە دەداتەوە

و بەرگێکی جوان بەبەر ووشەکاندا دەکات و ئەو واتا ناشرینەی نامێنێ کە لە نیوەی یەکەمی دێڕەکەدا هەیە، دووبارەکردنەوەش لە بارەدا بووە بە هۆکارێک بۆ درووستکردنی ئاوازی ناوەوەی دێڕە شیعرەکە، هەروەها لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

وەرە بنواڕە دوو دەستی **حەناییم**
**حەنایی** چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان ...ل٢٥٧

لەم دیڕەشدا نالی دووجار ووشەی (حەنایی) هێناوەتەوە، لە نیوەی یەکەمدا وەک ڕاگەیاندن هاتووەتەوە و لە نیوەی دووەم هەمان ووشەی خستووەتە بەر هەستی سەرسورمانەوە و ڕاگەیەنراوی نیوەی یەکەمی پێ ڕەت کردووەتەوە ، لە هەمان کاتدا دووبارەکردنەوەی ئەم ووشەیە هەردوو نیوە دێڕەکەی خستووەتە نێو یەک سیستەمی ئاوازەییەوە لە ئاستی ناوەوە،

## ٢-٢-٣ دژیەکی نەرێ

ئەم هونەرە دژیەکی نافەرهەنگیشی پێ دەوترێت و هونەرێکی ترە لە سنووری جوانکاری واتایی کە دەبێتە هۆکاری درووستکردنی ئاوازی شیعری لە ئاستی ناوەوەدا، پێکهاتەی ئەم هونەرە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی یەک ووشەوە دەبێت لە سنووری دێڕە شیعردا بە جۆرێک کە جارێک بە ئەرێ هاتووە و جارێکیش بە نەرێ لە ڕێگەی ئامرازەکانی نەرێ کردنەوە، د.ئیدریس بەم جۆرە پێناسەی بۆ کردووە ( بریتییە لەو دوو ووشە دژ و پێچەوانانەی کە لە فەرهەنگی زماندا هەریەکەیان ڕیشە و بنچێکی ڕەسەن و سەربەخۆی نییە، بەڵکوو هەردووکیان لە بنجدا هەر یەک ڕیشە و ڕەگەیان هەیە) (عەبدوڵا ، ٢٠١٢ز ، ل٩٠) ، بە واتایەکی تر هەر هەمان ووشەیە و بە ئامرازێکی نەرێ کراون بە دژ، نالی لە دێڕێکدا دەڵێت:

سەفەرمان چونکە ڕێی **هات** و **نەهاتە**
دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خوداتان ... ل٢٦٠

لەم دێڕە شیعرەی نالیدا وشەکانی (هات) و (نەهات) دژ بە یەکن و هەردووکیان لە چاوگی هاتنەوە سەرچاوەیان گرتووە بەڵام بە هۆی ئامرازی نەرێی (نە)ەوە کراون بە دژ، هەربۆیە دەبینین ئەم دوو ووشەیە لە ڕووی ئاوازەوە وێکچوون و هۆکارن بۆ درووستکردنی ئاوازی ناوەوەی دێڕە شیعرەکە، هەروەها نالی لە دیڕێکی تردا دەڵێت:

خادیمی مەخدوومییە، **ماقوڵی ناماقوڵییە**
لەم دەرە ئاسەف سولەیمانە سولەیمان ئاسەفە ...ل٣٧٣

لەم دیڕەشدا هەردوو ووشەی (ماقوڵ) و (ناماقوڵ) دژ بە یەکن و لە ڕێگەی ئامرازی نەرێی (نا)ەوە بە دژ کراون ئەگەرچی خۆیان یەک بنج و ڕیشەیان هەیە، لە هەمان کاتدا هێنانەوەی هەردووکیان بە پاڵ یەکەوە هۆکارە بۆ درووستکردنی ئاواز لە ئاستی ناوەوەی ئەم دێڕە شیعرە.

بە شێوەیەکی گشتی وەک چۆن هونەرەکانی جوانکاری ووشەیی کاریگەرییان هەیە لە بنیادی ئاوازەیی ناوەوەی دەقی شیعری، هەندێک لە هونەرەکانی جوانکاری واتاییش کاریگەرییان هەیە، چونکە بنەمای دروستبوونیان بەندە لەسەر دووبارەبوونەوەی چەپکە دەنگ، هەر

بـــــۆیە دەبینـــــین ڕاســـــتەوخۆ ئەو هـونەرانەش بەشــدارن لە پێکهێنــانی ئاوازی ناوەوەی شیعر.

## ئەنجام

لە کۆتایی باسـەکەمان گەیشـتین بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١. ئـــاوازی شـــیعری هۆکـــارێکی گرنگە لە بنیادی دەقی شـیعری و ســــــنوورێکی فـــــراوان لە ئیسـتاتیکای دەق پێکـدەهێنێت، هەر بـۆیە دەبینـین شـاعیران بە گشـــتی و نـــالی بە تـــایبەتی گرنگییەکـی زۆری بەم ڕەگەزەی شـیعر داوە و بە شـێوەیەکی زۆر و بەرچاو پراکتیـزەی ئەو بنەمـا و ڕێســا و ڕێکــارانەی کــردووە لە شیعرەکانیدا کە دەبـنە هۆکـاری دروستکردنی ئاوازی شیعر چ لە ئاستی ناوەوەی دەقدا بێـت یـان لە ئاستی دەرەوەی دەق.

٢. هونەرەکـــانی جوانکـــاری لە ســــنووری ڕەوانبێژیـــدا چ لە ئاسـتی ووشـەیی بێـت یـان لە ئاسـتی واتـایی بەشـدارییەکی کارایـان هەیە لە بنیـادی ئـاوازی شــیعری لە ئاســتی نـاوەوە، لە شیعرەکانی نالی شـاعیردا ئەم هـونەرانە بە شـێوەیەکی فـراوان بەدی دەکــــرێن، بەڵکــــوو ســـنوورێکی پـــان و بەرینیـــان داگیرکـــردووە لە چوارچێـــوەی پێکهـــــاتەی ئیســــتاتیکی شیعرەکانی، هەر ئەمەش بـووە بە هۆکـاری ئەوەی شـیعرەکانی پـڕ ئـاواز و خـۆش و ڕەوان بێــت لەســەر زار و، هاســان و پڕچێــژ بێت لەسـەر هەسـتی بیسـتن و، تیــژ و کــاریگەر بێــت لەســەر دەروونـــی خـــوێنەر و گـــوێگری شیعرەکانی.

٣. بە خوێنـــدنەوەیەکی ورد بـــۆ شـــیعرەکانی نـــالی بۆمـــان دەردەکەوێـت کە پەیوەنـدییەکی پـتەو هەیە لە نێـوان جوانکـاری ووشـەیی و ئـاوازی شـیعری لە ئاسـتی نـاوەوە، لەمەوە بۆمـان ڕوون دەبێـتەوە کە نـالی شـاعیر بـایەخی زۆری بە هونەرەکـانی ڕەوانبێژی داوە بە تایبەت هونەرە جوانکارییەکـان و لەو ڕێـگەیەوە شـیعرەکانی پـڕ ئـاواز و پـڕ چێـژ کردووە.

٤. بە پـــــاڵ هونەرەکـــــانی جوانکـارییەوە نـالی شـاعیر بە بــــــایەخ و گـــــــرنگییەوە لە هونەرەکـــــانی ڕوونبێـــــژی و واتاناسـی ڕوانیوە و هەوڵـی داوە لە شـیعرەکانیدا هاوسـەنگی لە نێـــوان ئەو ســـێ بەشـــەی ڕەوانبێژی ڕابگرێت، بە واتـایەکی تـر هـیچ هونەرێـک لە سـنووری ڕەوانبێژیـدا فەرامۆشـکراو نەبـووە لە لای ئەم شـاعیرە، بەڵکـوو بە شـــێوەیەکی تـــۆکمە و جـــوان پـێکەوەی بەسـتوون و سـەنگ و قورسایی بۆ بەرهەمەکـانی لەم ڕێگەیەوە فەراهەم کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

## یەکەم / کوردییەکان:

أ- کتێب:


١. سەجادی، عەلائەدین، ١٩٧٨ز، **خۆشخوانی**، چاپخانەی مەعارف ، بەغدا.
٢. خەزنەدار، مارف (د) ، ٢٠٠١ز ، **مێژووی ئەدەبی کوردی** ، بەرگی یەکەم ، هەولێر.
٣. مودەرریس ـ عبدالکریم ـ مەلا کەریم ، مەلا عبدالکریم ـ فاتیح ـ محمد ، ٢٠٠٨ز ،**دیوانی نالی**، چاپخانەی ئاشنا ، چاپی یەکەم ، سنە ـ ئێران.
٤. عەبدوڵا ، ئیدریس (د) ، **جوانکاری شیعری کلاسیکی کوردی**، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢ز.
٥. عەبدوڵا ، ئیدریس (د) ، **جوانکاری شیعری نوێی کوردی**، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢ز.
٦. گەردی، موحسین ئەحمەد موستەفا، ٢٠١٣ز، **بەهاری ڕەوانبێژی**، چاپخانەی نارین ، هەولێر.
٧. قوباد، سەنگەر، ٢٠١٢ز، **لە ڕۆخی روباری وێژەوە**، چاپخانەی کارۆ، ______ .
٨. بیبانی، عزالدین صابر، ٢٠٢٥ز، **گەردانەی ڕەوانبێژی**، چاپی یەکەم ، چاپخانەی بینایی، ______ .


ب-لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی:


١. موستەفا، ئاسۆ عومەر، ٢٠٠٧ز، **بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ صالح و گۆران**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٢. میرزا ، ئاڤان عەلی (د) ، ٢٠٠٨ز ، **چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا** ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.
٣. فەرحان، حسێن مەریوان، ٢٠١٥ز، **جوانکاری لە شیعری (وەفایی)دا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
٤. بیبانی، عزالدین صابر(د)، ٢٠١٥، **شێوازی هۆنراوەکانی شێخ نوری شێخ صالح**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

پ- گۆڤار:

١. عومەر، حەسەن عەلی، ٢٠١٩ز، **جوانکاری لە بەحری نووری (مەحوی)دا**، گۆڤاری مامۆستا بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زانستی حەوتەم.
٢. عومەر، حەسەن عەلی، ٢٠١٩ز، **ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەردوو چامەکەی (نالی و سالم)دا**، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ١، بەرگی ١٤ .
٣. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵا (د) ـ محمد، هێمن جاسم، ٢٠٢١ز، **جوانی شێواز و مۆسیقا لە هۆنراوەی (داگیرکەری دڵ پڕ لە قین)ی ئیبراهیم ئەحمەد**، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە ٢، بەرگی ١٦ .
٤. عومەر، حەسەن عەلی، ٢٠٢١ز، **جوانکاری لە هۆنراوەکانی (صابری)دا**، گۆڤاری توێژینەوەی زمانی، ژمارە٣ ، بەرگی٤.

دووەم / عەرەبییەکان

أ- الكتب:

١. علوان، محمد (د)، ٢٠٠٨م، **الايقاع في الحداثة**، دار العلم والايمان ، ـــــــــ

ب-المجلات:

١. الصكر، حاتم، ١٩٩٠م، **بحث في الايقاع الداخلي**، مجلة الأقلام، عدده.
٢. الصحناوي، هدى (د)، ٢٠١٤م، **الايقاع الداخلي في القصيدة المعاصرة**، مجلة جامعة دمشق، مجلد ٣٠، العدد ١+٢.

مصادر الألكترونية

١. جبران، سليمان (د)، **شبه نظرية للايقاع و تطوره في الشعر العربي**، موقع الحوار المتمدن، ٢٠١٣م.

( http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=375458)